

## کۆداکۆپتەری کاپتەر فالکون فڕین بۆ ماوەیەکی زۆر

## شاشەیەک بۆ پەیوەندی ڤیدیۆییەکان




تێنك سمارت ڤیو (ThinkSmart View) ناوی شاشەیەکی سمارتە کە بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان لەلایەن لینۆڤۆوە بەرهەم هاتووە. ئەم شاشەیە بۆ کۆڕ و سمینار و خولە ئۆنلاینەکان بەرهەمهاتووە.

ئەم ئامێرە بۆ پەیوەندی لە نێوان کارمەندانی کۆمپانیاکان زۆر گونجاوە. ئامێرەکە دوگمەیەکی لەسەرە کە بەکارهێنەر دەتوانێت قفڵی بکا یا بیکاتەوە. هەروەها لە بواری ئەمنیەتییەوەش لە ریزی ئامێرە بژاردەکان دێت.

شاشەکە لەگەڵ هیدفۆنە بلوتوسیەکان پەیوەند دەدرێ بەهۆیەوە دەکرێت ئەو دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەی لە پشتەوە دێت کەم بکاتەوە و تا لە لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باشتر لێکحاڵی بن.

## ئامێری ردێن تاشینیش بوو بە دیجیتالی



زۆربەی ئامێرەکانی رۆژانە و کەرەستە سەرەتاییەکانیش بوون بە زیرەك و دیجیتالی، تەنانەت دەسك و خۆترایشی ریش تاشینیش!

کۆمپانیای Bic کە بۆ ئەوانەی نوستالۆژیمان لەگەڵ قەڵەم جافەکەی هەیە ناوێکی نامۆ نییە. کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا ریش تراشێکی بەرهەمهێناوە کە بە جۆری next Bic thing ناسراوە. هەروەك ریش تراشێکی ئاسایی پێنج دەمی هەیە.

ریش تراشەکە لەگەڵ مۆبایل بەهۆی بلوتوسەوە پەیوەند دەدرێ. داتاکانی تایبەت بە ریش تاشینی بەکارهێنەرکەی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە.

داتاکانی وەك، گەرمی، شێ، چڕی مووەکان، خێرایی تاشین، رێژەی ئەو جارانەی ریشت تاشیوە، ماوەی ریش تاشینەکە، کوڵ بوونی دەمەکانی و تەنانەت چەند بەکارهێنانی ئاویش..

(بێك) دەڵێت، مەبەست لەبەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ریش تراشە تەنیا سەرەتایەکە کە داهاتوو دەکرێت جۆری دیکە و بە کوالیتی دیکە بەرهەم بهێندرێ.

بەرپرسی ئەو بەشە لە کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت: لە داهاتوودا دەتوانین جوڵەی هەر دەمێك بە جیا دیاری بکەین. بەکارهێنەر دەتوانێت دواتر لەسەر مۆبایلەکەی خۆی جۆری ریش تراشینەکەی خۆی ببینێ.

فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوان کە سەرنجی زۆری پێشانگای ساڵانەی CESی بۆ لای خۆی راکێشا، کۆداکۆپتەری جۆری V-Coptr Falcon بوو.

کۆداکۆپتەرەکە لە بواری دیزاینەوە رێك وەك فرۆکەی ئەمریکی V-22 دەچێت، هەربۆیەش ئەم ناوەیان لێناوە. چونکە پەروانەکانی زۆر وەك پیتی V ئینگلیزی دەچێت. خاڵی جێگای سەرنجی فالکۆن ئەوەیە کە ماوەی مانەوەی لە ئاسماندا نزیکەی کاتژمێرێکە. هەتا ئێستا کەم کۆداکۆپتەر توانیویەتی ئەم مەودایە بمێنێتەوە.

زۆربەی کۆداکۆپتەرەکان چوار بزوێنەریان هەیە، بەڵام ئەم فرۆکە بچووکە دوو بزوێنەری هەیە.

فرۆکەکە لە پێشەوەی دوو کامێرای هەیە بۆ ئەوەی کە بەرکەوتن و نزیك بوونەوە لە بەربەستێك ئاگاداری بکاتەوە. کامێرای سەرەکی فرۆکە بچووکە هی کۆمپانیای سۆنی و ١٢ میگاپیسکلە. ئەم کامێرایە دەتوانێت ڤیدیۆ بە کوالیتی K4 بگرێت.

کۆداکۆپتەرەکە سیستەمێکی تایبەتی لەسەرە کە بۆ فیلم هەڵگرتن دەگونجێت و دەتوانرێت بەدوای دیمەنێکی جوڵەدار بکەوێت، بۆ نموونە راکردنی کەسێك، یا جوڵەیەکی وەرزشی... دەکرێت بە ریمۆت کۆنترۆڵی بێ وایەرش کۆنترۆڵ بکرێ و مەوداکەی تا ٧ کیلۆمەتر دەڕوات.

## کامێرایەکی بچووکی ئەکشن و وێنەی ٣٦٠ی

لە پیشانگای ساڵانەی CES دا گەلێك بەرهەم خرانە روو، کامێراکانیش پانتاییەکیان لە پێشانگاکەدا داگیر کردبوو. یەکێك لەو کامێرا بچووکانەی کە بە کامێرای تایبەت بە جوڵە ناسراون واتە (ئەکشن کام) سەرنجێکی زۆری لەسەر بوو.

کامێرای insta360 one R دەکرێت هەم وەك کامێرایەکی دەستی سوودی لێوەربگیرێ و هەم دەکرێت لە کۆداکۆپتەر واتە فرۆکە بچووکی تایبەت وێنەگری بخرێت و وێنەی ٣٦٠ پلەیی پێبگیرێ. وێنەی ٣٦٠ پلەیی بەو وێنانە دەگوترێ کە لە یەك کاتدا وێنەی هەر چواردەوروبەر دەگرێت. جگە لەوەش دەکرێ وێنە بە کوالیتی k5یش بگرێت. کامێراکە بۆ ژێر ئاویش دەبێت و لە قوڵایی ٦٠ مەترەوە کێشەی بۆ نایەتە پێش.

کامێراکە بۆ شوێنە تاریکەکانیش گونجاوە و لەوێشدا وێنە دەگرێت.






## پێنووسێك دەنگ دەکاتە دەق

کۆمپانیای شیائومی گەرچی مێژوویەکی لەمێژینەی لەبواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا نییە، بەڵام توانیویەتی لەو ماوە کەمەشدا خۆی لە ریزی کۆمپانیا گەورەکان ببینێتەوە.

لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو پێنووسێکی سمارتی بەرهەم هێناوە کە بەجۆری Ink cace Al ناسراوە.

قەڵەمە سمارتەکە جگە لەوەی کاری نووسین دەکا، دەنگیش تۆمار دەکا و بۆ مۆبایل دەیگوازێتەوە. جارێکی دیکە دەنگەکە دەکاتەوە دەق.

پێنووسە زیرەکەکە جگە لەم کارە کاری وەرگێڕانیش دەکا. زمانی ئینگلیزی بۆ چینی وەردەگێڕێ.

بەهۆی سیستەمێکی تایبەتی کە لە قەڵەمەکەدایە، دەتوانێ دەنگە زیادییەکانی دەوروبەر لابەرێ و دەنگێکی بێ گرێ و دەنگەدەنگی زیادی تۆمار دەکا. لە رێگای بلوتوسەوە بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ.



# لاپتۆپێک بۆ نەخشەساز و بەرهەمهێنەران

لە جیهانی ئایتی و تەکنەلۆژیای نوێدا، هەردەم هەواڵی نوێ لەبارەی تەکنەلۆژیای نوێوە دەبیسی و دەخوێنینەوە. لاپتۆپی نوێ، مۆبایلی نوێ، ئامێری نوێ..تاد..

بەرهەمهێنانی نوێترین لاپتۆپی ACERیش لەریزی ئەم هەواڵانە دێت.

کۆمپانیای ئایسەر لاپتۆپێکی زۆر ناوازە و سەرنج راکێشی بەرهەمهێناوە کە زیاتر بۆ نەخشەسازان و بەرهەمهێنەران دەگونجێت.. لاپتۆپەکە بە جۆری ConceptD 7 Ezel ناسراوە. شاشەکەی ١٥،٦ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی K4ە. بە پێنج جۆر رێك دەخرێ. واتە سەرەرای ئەوەی وەك لاپتۆپ و تەبلێتی لێدێ سێ حاڵەتی دیکەشی هەیە. وەك شاشەکە دەچێتە سەر کیبۆردەکە. هەروەها دەکرێت شاشە لەمسیەکە بۆ خوارەوە بێنین و بە قەڵەمی wacom Emr کاری لەسەر بکەین.

دیزاینی لاپتۆپەکە زۆر سەرنج راکێشە، وەك تەبلێت دەچێ.. لە بواری رەنگەوە زۆر بەرزە. ئەوانەی کاری رەنگ و دیزاین دەگەن لە گرنگی لاپتۆپەکە تێدەگەن.

نەوەی دەیەمی ئەنتەلی لەسەرە رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی کە لەجۆری SSDیە دوو ترابایتە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی هێژا دەپرسێت کە بە وێبگەڕی گوگل کرۆم ماڵپەڕەکان دەکەمەوە، زۆربەی ئەو ماڵپەڕانەی کوردین، فۆنتەکەیان تێکدەچێ و تێکەڵ پێکەڵ دەبێ، رێگا چارەیەك بۆ ئەمە هەیە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو کێشەیەی باسی دەکەی نەك لە وێبگەڕی گوگل کرۆم، بەڵکو لە وێبگەڕەکانی دیکەی وەك فایرفۆکس و ئیکسپلۆرێریش هەیە. بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە لە وێبگەڕی کرۆم چارەسەر بکەی پێویستە سەرەتا نووسینە Chrome://flags لە وێبگەڕەکەدا بنووسی یا کۆپی پێستی بکەی. پاشان پەنجەرەیەکی نوێ دەکرێتەوە و لە پەنجەرە نوێیەکەدا فەرمانی Direct Write بدۆزەوە و ئەوکات Enable بکە، ئیدی کێشەکەت چارەسەر دەبێ.



# رۆبۆتی پەیبۆ ه



**لە پێشانگای ساڵانەی CES٢٠٢٠دا، بەشێکی زۆر بۆ رۆبۆتەکان تەرخان کرابوو. جیهانی رۆبۆتەکان لە خەیاڵەوە دەبێتە راستی. کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی رۆبۆتەکان لەسەر ژیانی داهاتووی مرۆڤەکان لە ئایندەیەکی نزیکدا دەردەکەوێ.**

**یەکێك لەو رۆبۆتانەی کە لە پیشانگاکەدا نیشاندران، رۆبۆتی (PiBo) بوو.**

**پەیبۆ رۆبۆتێکی هۆشمەندە، دەکرێ بڵێین وەك باشترین هاوڕێ و هاودەم بۆ مرۆڤ بێتە ژمار، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە بە تەنیا دەژین و شوێنی گیانداری ماڵەوە دەگرێتەوە.**


# لانکی زیرەک بە لایەلایە کۆرپەک

لانك، لەیلۆك، بێشکە ئەو واژانەن کە بە ئامێرێك دەگوترێ بۆ راژاندنی منداڵ سوودی لێدەبیندرێ. لانك مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە و هەتا ئێستاش شێوە کلاسیکیەکەی هەر ماوە کە دارتاشان دروستی دەکەن.

لە سەردەمی نوێ و تەکنەلۆژیای نوێشدا، بێشکەکانیش بوون بە زیرەك و هۆشمەند.

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا لانکی زیرەکی جۆری mamaRoo خرایەڕوو. ئەم لانکە لاسایی جوڵەی دایك و باوان دەکاتەوە بۆ خەواندنی منداڵەکانیان.

گەر سەرنجی بێشکەکە دەدەی لە بواری ستایلدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ لانکێکی ئاسایی. ٢٥ جۆر جوڵەی تێدایە، بۆ نموونە




# لاپتۆپێک هەتا ٣٠ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت

ماڵپەڕەکانی هاوبەشی کردنی فیلم، لە ریزی پڕبینەرترین ماڵپەڕی ئینتەرنێتی دێنە ژمار. لەریزی یەکەمی ئەو ماڵپەڕانەش ماڵپەڕی یوتیوب دێت. ماڵپەڕی دیکەی جگە لە یوتیوبیش گەلێکن، بەڵام پڕ بینەرترینیانە هەر ئەو ماڵپەڕەیە.

گرفتێك کە زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەو ماڵپەڕانە دەکەن ئەوەیە کە ناتوانن فیلمەکان دابەزێنن. بۆ ئەوانەی ئینتەرنێتی خێرایان نییە کێشەکە زیاترە.

کۆمەڵە پرۆگرامێك هەن کە ئەرکیان دابەزاندنی فیلمە لە ئینتەرنێتدا. لەریزی یەکەمی ئەو پرۆگرامانەش پرۆگرامی VSO downloaderە.

پرۆگرامەکە پێویستی بە رێکخستنێکی تایبەت نییە. ئەوەندە بەسە کە پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەر دابنێی و پاشان سەرت لەهەر ماڵپەڕێکدا ئۆتۆماتیکی پرۆگرامەکە چالاك دەبێ و دەتوانی فیلم دابەزێنی.

زۆربەی زۆری ماڵپەڕەکانیش دەخوێنێتەوە. بەهەر فۆرماتێك کە نیازت هەبێ فیلمەکەت بۆ دادەبەزێنێ.



## ماڵپەڕێک بۆ بردنەسەری ئاستی وێنەیەک

ئەوانەی کاری گرافیك و نەخشەسازی دەکەن، کێشەی زۆریان لەگەڵ لە خوارێ بوونی ئاستی وێنە واتە کوالیتی نزمی وێنە هەیە. بۆ ئەوەی کوالیتی لە وێنەیەکدا بەرێیە سەر، پێوستی بە پرۆگرامی تایبەتە، بەڵام گەلێك جاران ئەو پرۆگرامانە لەبەردەست نین. بۆ ئەوەی ئاستی وێنەیەك بەرز بکەیەوە دەتوانی سەر لە ماڵپەڕی https://letsenhance.io/ بدەی. پێوستە هەژمارێك واتە ئەکاونتێك لە ماڵپەڕەکەدا بکەیەوە و پاشان وێنەی مەبەستت لە ماڵپەڕەکە دابەزێنی، ماڵپەڕەکە ئۆتۆماتیکی لایەنە خراپەکانی وێنەکە باش دەکات و ئاستی وێنەکە دەباتە سەرێ.

## ـــاورێ و هاودەم

**ئەم رۆبۆتە بەرهەمی کۆمپانیایەکی کۆرياییە. شایانی باسە رۆبۆتەکە تەنیا بۆ هاودەم و هاوڕێیەتی نییە. بگرە زۆر ئەرکیش ئەنجام دەدا. رۆبۆتەکە کاتژمێری بێدارکردنەوەیە، کەش و هەوا نیشان دەدا، هەواڵی رۆژانە دەخوێنێتەوە، مۆسیقا بڵاودەکاتەوە، وێنە دەگرێت، کاتی دیدار و ساتە گرنگەکان بیر دەخاتەوە.**

**بە مۆبایل و بەهۆی ئەپێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. قەدی رۆبۆتەکە ٣٠ سمە. لە پرۆسیسەری چوار ناوەکەی سوود وەردەگرێ و رامەکەی یەك گیگایە.**

## ـــان دەخەوێنێ




جوڵەی ئۆتۆمبیل، کەنگارۆ، جوڵەیەکی ئاسایی، شەپۆلی دەریایی..

ئەم لانکە بەهۆی ئەپێکی تایبەتەوە بەناوی moos 4 پەیوەند دەدرێ و بەکارهێنەر دەتوانێت لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵی لانکەکە بکا. جگە لە دەنگی لایەلایی تایبەت و مۆسیقای جۆراوجۆر، دەنگی باران، شەپۆلی دەریا، دەنگی مەل و باڵندە و تاد. تێدایە.